# باڵندەیەکی دیجیتالی بۆ کات بەسەر بردن



ئەوانەی حەزیان لە راگرتنی باڵندەیە دەزانن باڵندەکان هەموویان دەستەمۆ و کەوی نابن، هەروەها راگرتن و بەخێوکردنی باڵندە ماندووبوونی خۆی هەیە.. هەربۆیە باڵندەی دیجیتالی رەنگە لە داهاتوودا شوێنی باڵندەی واقیعی بگرێتەوە، باڵندەیەك کە بە هەر ئاوازێك حەزی لێبکەی بخوێنێ، بۆ هەر شوێنێك کە مەبەستتە وەدوات کەوێ، نە دانی بوێ و نە ئاو...

باڵندەیەکی بچووکی دیجیتالی بەناوی Bionic Bird بەرهەم هاتووە، کە بەهۆی بلوتوس و پرۆگرامێکی تایبەتەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، بە خێرایی ١٢ کیلۆمەتر لە کاتژمێردا دەفڕێت و نمایشی سەرنج راکێش ئەنجام دەدات. سنووری فڕینەکەی سەد مەترە.



# بڕوا دەکەن ئەوە کیبۆرد بێت؟



کە سەیری وێنەکە دەکەی وەك پارچە پلاستیکیك دەچێت کە بخرێتە ناو پەنجەکانەوە، بەڵام لە راستیدا TAP کیبۆردێکی تەواوە و بە هۆی سیستەمی وایەرلەیس بەبێ هیچ دوگمەیەك ئەرکەکانی کیبۆرد ئەنجام دەدات. کارکردن و شێوازی کارکردنی کیبۆردەکە بەم شێوەیە، هەرکات بەکارهێنەر خستیە ناو پەنجەکانەوە، لەسەر هەر شتێك بێت دەتوانی پەنجەکانی خۆی ببزوێ و بەپێی جوڵانی پەنجەی پیتەکە لەسەر مۆبایلەکە دەنووسرێت، بەڵام بەکارهێنەر دەبێت بزانێت پیتەکان کەوتوونەتە کوێوە و شوێنی پیتەکان بزانێت. گرنگی کیبۆردەکە لەوەدایە کە دەکرێت بۆ هەموو شوێنێکی بەری و هیچ جێگایەك ناگرێت.

# هەتا چوار مانگ شەحنیان دانابەزێت



ئەوانەی شارەزای بواری تەکنەلۆژیای نوێن بەتایبەتی ئەو ئامرازانەی پەیوەندیان بە کۆمپیوتەرەوە هەیە، هەرکات وشەی razer دەبیسن وەبیر ماوس، کیبۆرد و هێدستەکانی تایبەت بە یاری و پیشەیی ئەو کۆمپانیایە دەکەونەوە. زۆر جاریش کۆمپانیا هەندێك ئامێر تێکەڵ بەیەك دەکات و ئامێرێکی نوێی سەرنج راکێشی لێ بەرهەم دێنێ. سێتی ماوس و کیبۆردی کۆمپانیای ناوبراو بەناوی Turrent یەکێکە لەو ئامێرانە کە لەسەر کیبۆردەکە، شوێنێك هەیە بۆ دانانی ماوس، ماوس کیبۆرد گەرچی دوو ئامرازن پێکەوە ئەرکەکان رادەپەڕێنن بەڵام هەتا ئێستا دوو ئامێری لێکجیابوونە. کیبۆردەکە لەراستیدا دەبێتە شوێنی پەد بۆ ماوسەکە.

تایبەتمەندی ماوس و کیبۆردەکە هەر بەوە ناوەستێ، چۆنیەتی دانانی ماوس و کیبۆردەکە لەلای یەك هەلێکی لەبار بۆ یاریکەرەکان دەرەخسێنێ تا بۆ ماوەیەکی زۆرتر لەسەر یاری بمێننەوە. داکێکی تایبەتیشی هەیە کە دەکرێت ماوس و کیبۆردەکەی لەسەر دابندرێ تاکو تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکانیش سوودی لێببینن. هەرکاتێك داکەکە بەتەواوی شەحن بکرێتەوە دەکرێت هەتا ٤ مانگ سوود لە کیبۆرد و ماوسەکە وەربگری، بەڵام هەرچەندە بۆ شەحنکردنەوەی تەواویش ٤٠ کاتژمێر دەخایەنێت.




## هەموو شتێک بکە بە ریمۆت کۆنترۆڵ

رەنگە جێگای سەرسوڕمان بێت کە ئەگەر مێز و پەنجەرە، پیاڵە و کەوچك هەرچی بتەوێ ببێت بە ریمۆت کۆنترۆڵ، بۆ نموونە بە پیاڵەی چای کەناڵی تەلەڤزیۆنەکەت بگۆڕی، یان بە بالیفەکەت سپیلێتەکەت بکوژێنیەوە.. ئەمە تەکنەلۆژییەکە کە Knocki لەدەستی دێت و گشت ئامێرەکانیماڵەوە چ ئەلکترۆنی بن یان ئەلکترۆنی نەبن دەکات بە ئامرازی هۆشمەند و ریمۆت کۆنترۆڵ. ئەم ئامێرە یان ئەو تەکنەلۆژییە لە رێگای تیشکی سەرووی سوور و وای فای و بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەندی دەدادەمەزرێنێ.

# داتاشۆیەكی تایبەت بە مۆبایل

هەندێك لە مۆبایلەكان راستەوخۆ پرۆژكتەر واتا داتاشـۆی تێدایـە، هەرچەندە داتاشـۆیەكان رەنگە زۆر بەهێز نەبن بەڵام دەكرێت بەشێك لە ئەركەكان راپەڕێنـن، لەم دواییەدا هەوڵدرا وەك ئامێرێكی بە جیا بۆ مۆبایلەكانی ئایفۆن پرۆژكتەر بەرهەم بێت. پرۆژكتەری جۆری i٦٠ mobilecinema یەكێكە لەم پرۆژكتەرانە، بەهۆیەوە دەكرێت وێنە و ڤیدیۆیەكان بە قەوارەی ٦٠ ئینج لەسـەر دیواری سـپی نیشـان بدات. پرۆژكتەرەكە بۆ گەشت و گەڕان و كۆڕ و كۆبوونەوەكان گرنگی خۆی هەیە.

پرۆژكتەرەكـە راسـتەوخۆ بەهۆی تەكنەلۆژیای DLP پرۆگرامـەكان بڵاودەكاتـەوە. كوالیتـی نیشـاندان لـەو پرۆژكتـەرەدا كوالیتـی VGAیـە. گلۆپی داتاشۆیەكە ٢٠ هەزار كاتژمێرە. ئامێرەكە جگـە لـەوەی ڤیدیـۆ پرۆژكتـەرە پاوەربانكێكی بە هێزیشە.






## چۆن ئیمێلە نەخوازراوەكان لە جیمێڵدا بسڕینەوە؟

سپامەكان یان ئیمێلە نەخوازراوەكان، واتە ئەو ئیمێلانەی لەلایەن هیچ كەسێكی دیاریكراوەوە نەهاتوون یان ریكلامین یان بۆ كاری تێكدەرانە ئەنجام دەدەن. چۆن دەكرێت ئەو ئیمێلە نەخوازراوانە لە جیمێڵدا بسڕینەوە.

سـەرەتا جیمێڵەكەت بكەوە، بچۆ سـەر بەشـی sitting دوای ئەوە ئەو بەشـە بدۆزەوە Filters and Blocked Addresses دواتر فەرمانی Create a new filter لێبدە و ئێستا پەنجەرەیەكی نوێ دەكرێتەوە، لە بەشی Has the words دەسـتەواژەی is:spam بنووسـە. دوای ئـەوە كلیـك لەسـەر Create filter with this search بكـە. پاشان OKی بكە.. بەڵام لەبیرت نەچێت هێمای راست لەسەر Delete it و Also apply filters to matching conversations بـدە، دوای ئـەوە كلیـك لەسـەر Create filter بكـە.. ئیدی گشـت ئیمێلە نەخـوازراوەكان واتە سپامەكان دەسڕێنەوە هیچی تریش ئیمێلی نەخوازراومان بۆ نایەت..

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چـۆن دەكرێـت ئەو پەیوەندیانەی لە تێلیگرامدا هەمە یان ئـەو بابەتانەی بە تێلیگرام بۆم دێن پرێنیتان لێ هەڵبگرمەوە؟**

خوێنـەری بەڕێـز تـۆڕی كۆمەڵایەتـی تێلیگـرام گەرچی ماوەیەكـی زۆر نییە بەرهەم هاتووە، بەڵام شـوێنی زۆر تۆڕی دیكەی كردۆتەوە بەهۆی توانا زۆرەكانی.. یەكێك لە تواناكانی ئەوەیە كە دەتوانرێت پەیوەندی و پەیامەكان پرێنت بكەی.. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سەرەتا بچی لەسەر سایتی https://web.telegram.org/#/login ئەكاونتی خـۆت بكەیـەوە، ئەگـەر هیـچ كات نەكردبێتەوە ئەوە داوای ژمارە و كـۆدی وڵاتەكەت لێدەكات، دوای ئەوەی كرایەوە زۆر ئاسانی دوگمەی ctrl+p دابگرە، ئیدی چ پەیوەندییەكت مەبەستە دەتوانی پرێنتی بكەی یان بیكەی بە پی دی ئێف...







# رۆبۆتێک گشت ئەرکێک ئەنجام دەدات

پێدەچێت جیهانی رۆبۆتەکان زووتر لەوەی بیرمان لێدەکردەوە هاتبێتە ناو ژیانی مرۆڤەکانەوە، رۆبۆتەکان زووتر لەوەی بیرمان دەکردەوە کارو ئەرکی مرۆڤەکان بە هەموو ماناوە ئەنجام بدەن. ئەگەر ئەرکەکان رۆبۆتەکان بیگرنە دەست رەنگە جیهان گۆڕانی گەورەی بەسەر دابێت.

کۆمپانیای asus نوێترین رۆبۆتی هۆشمەندی خۆی بەناوی zenbo خستەڕوو کە دەکرێت گشت ئەرکێکی ماڵەوەی پێ بسپێری. رۆبۆتی ناوبراو دەبێتە یارمەتی و پاڵپشتی بۆ ئەندامانی بەساڵداچووی ماڵەوە یارمەتییان دەدات لە رێگا رۆیشتن لە ئاگاداری تەندروستیان بۆ نموونە بیران دەخاتەوە چ کاتێك سەردانی دکتۆر بکەن، چ کاتێك دەرمانەکانیان بخۆن، کاتەکانی وەرزشیان بیردەخاتەوە. ئەگەر شتێکی نەخوازراویش روویدا دەستبەجێ ئەندامەکانی دیکەی ماڵەوە ئاگادار دەکاتەوە.

دەتوانن لە دوورەوە را کۆنترۆڵی بکەن و وێنەی چۆنییەتی رووداوەکیان بۆ بنێرێت. وەڵامی پەیوەندییەکان دەداتەوە. پرۆگرامی تەلەڤزیۆنیان بۆ دەخوێنێتەوە.

رۆبۆتی zenbo هاوەڵی منداڵانیشە، چیرۆکیان بۆ دەگێڕێتەوە، گۆرانیان بۆ دەڵێت سەمایان لەگەڵ دەکات، چیرۆکیان بۆ دەخوێنێتەوە، شەوانەش گۆرانی و لایەلایەیان بۆ دەڵێت، لە کتێبخانەکەی خۆی بە دەنگ چیرۆکیان بۆ دەڵێت و وێنەی پەیوەندیدار بە چیرۆکەکەش نیشانیان دەدات.

ئەرکەکانی zenbo هەر بەوەندە ناوەستن، گلۆپەکان دەکوژێنێتەوە، تەلەڤزیۆن و سپلیت و ئامێرەکانی دیکەی کارەبایی دەکوژێنێتەوە و هەڵدەکات، گەر کەسێك لە دەرگای دا دەرگا دەکاتەوە. هەروەها یارمەتی خانمی ماڵەوە دەدات لە چێشتلێناندا وەك خوێندنەوەی چۆنییەتی لێنانی خۆراکێك، هەروەها کاتی کوڵانەکەش کابانی ماڵ ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر کەسیش لە ماڵەوە نەبێت وەك پاسەوانێکی باش ئاگاداری و چاودێری ماڵەوە دەکات.



## سایتێک بۆ دروستکردنی سایت

پرۆگرامەکانی دروستکردنی سایت گەلێکن، بەڵام ئەو سایتانەی کە تایبەتن و تەرخان کراون بە دروستکردنی سایت ئەوەندە زۆر نین، ئەگەر حەز دەکەی خاوەنی سایتی خۆت بی، بەڵام لە پرۆگرامەکانی دروستکردنی سایت شارەزاییت نییە، دەتوانی پشت بە سایتی www.imcreator.com ببەستی.. سایتێك کە سەدان سایتی لە پێشدا ئامادەکراوی تێدایە، تەنیا بەکارهێنەر هەندێك دەستکاری دەکات...

هەتا ئێستا زیاتر لە ٨ ملیۆن کەس سەردانیان کردووە و سایتیان لەو سایتەدا دروست کردووە، نەك تەنیا سایتی تاکەکەسی بەڵکو دەتوانی سایتی بازرگانی و بزنیس و گەورەش لەم سایتەدا دروست بکەی...